# یەک لیتر عارەق

**د. ئەرشەد مەعرووف**
مەکتەبی سکرتارییەتی حەمەسەعید حەسەن لە سکەندەنافیا
یۆتەبۆری/سوێد

ئەوە خۆش نییە، گاڵتە بە عەقڵی گەمژەیەک بکەیت،
خۆش ئەوەیە، گەمژەیەک گاڵتە بە عەقڵت بکات.(شاسوار جەلال)

* حەمەسەعید حەسەن چونکە بۆ عەوام نانووسێت، عەوام لێی حاڵی نابێت.

* عتاد، چەک و هەموو ئەو کەرەسە و ئامێرانەیە کە لە جەنگدا سوودیان لێ دەبینرێت، بەڵام عەوام چونکە یەکێکە لە زۆربەی هەمیشە بەهەڵەداچوو، وای بۆ دەچێت، عتاد، کۆمەڵێک فیشەکە.

* عتاد، کۆ نییە، تاکە، کۆی عتاد، ‹عتد› و ‹أعتد› و‹أعتدە›یە.

* عەوام ‹مونجد›ی نییە، ئەگەر هەیبووایە، دەچوو سەیری مانای وشەی ‹عتاد›ی‹١› دەکرد و یەک لیتر عارەقی دەردەدا.

* طلقە، تاکە، کۆی طلقە، طلقاتە، عەوام پێی وایە، طلقە تاکە، کۆی طلقە، عتادە.

* عەوام کەسێکە لە زانیارییەکانی خۆی، تەواو ڕازی و دڵنیایە. عەوام شت نازانێت، بەڵام پێی وایە شارەزای هەموو بوارێکە، بۆیە نە سەیری کتێبێک دەکات، نە پرسێکیش بە کەسێکی زانا.

* ڕاستی لە کن هەڵبژاردەیە و عەوام هەمیشە بە هەڵەدا دەچێت. عەوام توانای بیرکردنەوەی نییە، بۆیە بەردەوام هەڵەی باو پاتە دەکاتەوە.

* ئەگەر کەسێک بە عەوام بڵێت، ‹تا جنێوی قورستر بدەیت، پێی سووکتر دەبیت،› دەڵێت: ئەدی هاوڕێ ‹لێنین›یش جنێوی نەدەدا، خۆ من لەو بەئەدەبتر نیم!

* عەوام خۆی بە مارکسیی عەیاری بیست و چوار دەزانێت، کەچی لە هەوارێکەوە دەنگی لێ هەڵدەبڕێت کە کۆنەبەعسییان دەواریان تێدا هەڵداوە و لە سەنگەرێکەوە دخەبتێت، دوو ساڵ بەر لە ئێستا، چەند ڕۆژێک دروشمی ‹میزی فلان ژن بە ریشی کارڵ مارکس›ی بڵند کردبووەوە.

حەمەسەعید حەسەن تا ئێستا چوار کتێبی لە سوێدییەوە کردووە بە کوردی و هەر یەکەی دەزگایەک چاپی کردوون، بەڵام عەوام هیچیانی نەبینیوە: (١) مێژووی سوێد ١٩٩١ دەزگای پەنابەران/سوێد. (٢) جوگرافیای سوێد ١٩٩٢ دەزگای کاروباری قوتابخانەکان/سوێد. (٣) چاوشارکێ ١٩٩٣ دەزگای کولتوور/سوێد. (٤) لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، دەزگای ئاراس ٢٠٠٣ هەولێر.

هەندێک لە ڕێساکانی هونەری وەرگێران لە ڕوانگەی حەمەسەعید حەسەنەوە:

* تا وەرگێران بە پێوانە لەگەڵ ئۆرگیناڵدا کورت بێت، پەسەندترێکە.

* وەرگێڕ دەبێت لە هێماکان تێبگات و یەکە یەکە مانای ئاشکرا و شاراوەی وشەکان بزانێت.

* وەرگێڕ نابێت دێرێک، یان تەنانەت وشەیەکی دەقە ڕەسەنەکە فەرامۆش بکات.‹٢›

نووسەرێکی گومناو لە شاعیرێکی ناسراو دەپرسێت:

* چی بکەم ناوبانگ دەربکەم؟

** ڕەخنەیەکی توند لە حەمەسەعید حەسەن بگرە، ئەگەر وەڵامت بداتەوە، ناوبانگ پەیدا دەکەیت.
عەوام بە مەبەستی ناوبانگ پەیداکردن، پەلاماری کەسێکی ناسراو دەدات، بەڵام ناودار نابێت، بەدناو دەبێت.

2004. 08. 15

‹١› لویس معلوف، المنجد فی اللغە و الإعلام، الطبعە الرابعە و العشرون، ص ٤٨٥ بیروت ١٩٨٠

‹٢› حەمەسەعید حەسەن، شیعری هاوچەرخی کوردی بە زمانی سوێدی ١٩٩٢ ستۆکهۆلم.